https://doi.org/10.54809/jkss.vi7.291

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ئەنەلۆگ و دیجیتاڵ: لە نێوان ئەندێشە و بەگەڕخستن دا

م.ی. ڕەنج حیکمەت محەمەد
ranj.mohammed@univsul.edu.iq

م.ی. ناز حەکیم محەمەد
naz.mohammed@univsul.edu.iq

بەشی شێوەکاریی- کۆلێجی هونەرە جوانەکان- زانکۆی سلێمانی

## پوختە

ئـەم توێژینەوەیـە سـەرنج ئەخاتـە سـەر هـەردوو میدیـای ئەنەلـۆگ و دیجیتـاڵ لـە بەرهەمهێنانـەوەی وێنـەدا، و پێوەندییـان بـە کات و شـوێنەوە لـە نـاو جیهانەکەمـان دا، هەروەهـا سـەرنج ئەخاتـە سـەر پێگـەی ئەندێشـە و بەگەڕخسـتن لـە نێـوان هـەردوو سیسـتمەکەدا. توێژینەوەکـە پرسـیار ئـەکات لەسـەر بەهـای ئۆرایـی کاری هونەریـی لـە (ئەنەلـۆگ و دیجیتـاڵ)دا، کـە وابەسـتەی ئـەکات بـە پرسـی (ئێـرە و ئێسـتا)ی بەرهەمەکـە، چونکـە ئێـرەو ئێسـتای کاری هونەریـی سـیمای هاوچەرخێتـی سـەردەمەکەی دیـاری ئـەکات. بۆیـە چۆنێتـی بەگەڕخسـتنی کات و شـوێن بـووە بـە پرسـیارێکی گرنگـی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە. میتـۆدی شـیکاریی پەیڕەوکـراوە لـە ڕوونکردنـەوەی هـەردوو جـۆری بەرهەمهێنانەوەکـەدا، تـا بتوانێـت پێگەیـان دیـاری بـکات لـە نـاو جیهانـی هونـەردا، جگـە لەمـە لـە ڕووی تیۆرییـەوە بەراوردکاریـی کـراوە بـە هـۆی ئـەو دژیەکـی و چوونیەکییـەی لـە نێوانیانـدا هەیـە. توێژینەوەکـە لـە دەرئەنجامـدا بەگەڕخسـتن ئەکاتـە ڕۆڵپێـدەری کات و شـوێن لەنـاو جیهانـی ئەنەلـۆگ و دیجیتـاڵ دا، وە هەروەهـا بەگەڕخسـتن ئەکاتـە ژێـدەر لـە دروسـتکردنی کۆنسـێپتی (گشـتێتی - totality) لـە نـاو کیوڕەیتینـگ دا کـە کاری هونەریـی پـێ ئەخاتـە دۆخێـک کـە بەرهـەم ناهێنرێتـەوە.

**کلیلەوشـەکان: بەرهەمهێنانـەوەی میکانیکیـی، بەرهەمهێنانـەوەی دیجیتاڵیـی، بەگەڕخسـتنی ئەندێشـە، ئـۆرا، هاوچەرخێتیـی، ئەزموونـی ئێسـتاتیکیی.**

Recieved: 10/7/2023
Accepted: 19/9/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

لەم سەردەمە هاوچەرخەی ئێمەدا، چیتر هونەرێک نابینین کە تەنها بریتی بێت لە بەرهەمهێنان و پێشانگای تاکە ئۆبجێکتی جیاجیا، بەڵکو گواستنەوەیەک ئەبینین کە سەرنجمان لەسەر ئۆبجێکتەکان ئەگوازێتەوە بۆ پێوەندییەکانی لەگەڵ کات و شوێندا، واتە ئۆبجێکتەکان بەگەڕخراون لە کات و شوێندا. لێرەدا مەبەست لە (کات و شوێن)ی واقعیە کە ئەرکیان هەیە لەژیانی رۆژانەمان دا، نەک ئەوەی بە خەیاڵ و ئەندێشە سەفەری بۆ ئەکەین. لەم بارەدا هەست بە پێکەوە بەستنەوەیەک ئەکەین لەگەڵ هاوچەرخێتیی سەردەمە هاوچەرخەکەماندا. مۆزەخانە هونەرییەکان کە سەر بە جیهانی ئەنەلۆگن، بوون بە گەنجینە و پاشماوەی مێژوو کۆئەکەنەوە، دنیایەک شتیان تیا پیشاندراوە بەبێ ئەوەی هیچ ئەرک و رۆڵ و پێوەندییەکیان هەبێت بە ژیانی ئێستامانەوە. باشتر بڵێین، هیچ پرسێکی (ئێرە و ئێستا)یان لەخۆیاندا هەڵنەگرتووە، بۆیە تەنیا کارەکتەرێکی خەیاڵیان هەیە لە بیرکردنەوەمان دا.

ئەمە لەگەڵ دیجیتاڵ دا تۆختر ئەبێت بەوە، چونکە ئینتەرنێت وا لە مۆزەخانە ئەکات کە نواندنەوەی مێژوو بکات لە رووی کات و شوێنەوە، مۆزەخانە ئەبەستێتەوە بە رابردووەوە، زیاتر ئەیکات بە گەنجینەی کەلەپوور و ئەنتیک. (Groys ٢٠١٣ p. ٧)

سیستمی دییجیتاڵ لە رووی تۆپۆلۆجیەوە کارئەکتەرێکی بەگەڕخەری هەیە و ئاماژە بە ئێرە و ئێستای جیهانەکەمان ئەیات و، هەر وێنەیەک (کە تەنانەت گەر کۆپییش بێت) لەم سیستمەدا، سووڕی ژیانی خۆی هەیە و بەراودکارییەک بوونی نییە لە نێوان وێنەی لەبەرگیراوە و سەرچاوە رەسەنەکەی. بەڵام ئەنەلۆگ پێویستە بەگەڕبخرێت لە کات و شوێندا، وە لە بەرهەمهێنانەوەی ئەنەلۆگ دا پرسی رەسەنایەتی بەرۆکمان ئەگرێت و بەراوردکاریی دێتە ئاراوە لە نێوان کۆپیی و رەسەن دا. ئەم دوو پرۆسە جیاوازە چۆن فۆرم ئەدەن بەم چەرخەی ئێستامان؟ ئەم پرسیارە پێوەندیی هەیە بە کۆنسێپتی بەگەڕخستنی کات و شوێن، وە بۆ وەڵامدانەوەی، توێژینەوەکە پێویستی بە هەڵوێستەکردنە لەسەر دوو تەوەری سەرەکیی: یەکەم، تەرخانە بۆ شیکردنەوە و بەراوردکاریی لە نێوان بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیی و بەرهەمهێنانەوەی دیجیتاڵیی دا. دووەم، گفتوگۆیە لەسەر پرسی بەگەڕخستن لە نێوان ئەنەلۆگ و دیجیتاڵ دا. پاش راڤەکردنی ئەم دوو بابەتە کە هەردوو بەشی توێژینەوەکە پێک ئەهێنێت، ئەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە چۆن سیستمی ئەنەلۆگ و دیجیتاڵ ئەتوانن نمایندەی سەردەمەکەمان بکەن لە کات و شوێندا.

کۆنتێکستی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە ڕووی تیۆری کولتوورییەوە لە ئارگیومێنتەکانی نێوان هەردوو فەیلەسوف و رەخنەگر (واڵتەر بێنجامن) و (بۆریس گرۆیس)وە سەرچاوە ئەگرێت، دەربارەی پێگەی ئۆرا لە نێوان بەرهەمهێنانەوەی ئەنەلۆگ و دیجیتاڵ دا. سەردەمی ئێستامان هەردوو کولتووری (ئەنەلۆگ و دیجیتاڵ)ی لە هەناویدا هەڵگرتووە، واتە جێگرەوەی یەکتر نین، بەڵکو هەردووکیان ئامادەییان هەیە. بۆیە تێگەیشتن و پەیوەندیکردن لەم دوو سیستمەدا، گرنگییەکی زۆری هەیە لە چۆنێتی ژیانکردنمان لە سەردەمی هاوچەرخدا. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوێدایە کە دیسکۆرسی هەردوو جیهانەکە راڤە ئەکات و کۆمەک بە تیۆریی و زانیین ئەکات لەو کۆنتێکستەدا، کە لەم دوو دەیەیەی دوایدا دەستی بۆ براوە. ئەم توێژینەوەیە ئاورێکی ئەرێنییی ئەداتەوە لە دووبارەبوونەوە و دووبارە بەرهەمهێنانەوە و گرنگییان پێ ئەدات، وە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی کۆنسێپتی (ڕەسەنایەتی-originality) ئەدات، کە بوونێکی ئەفسانەیی هەیە و بەر بە چالاکیەکانی پاش خۆی ئەگرێت، باشتر بڵێین، لەم لێکۆڵینەوەیەدا کۆنسێپتی رەسەنایەتی ئەبێت بە ئەزموونێکی فرە رەهەند نەک تاک رەهەند، ئەمەش دەرگا لەسەر چالاکی بەردەوام ئەکاتەوە.

# بەشی یەکەم: پەیکەری توێژینەوەکە

## کێشەی توێژینەوە

گرفتی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە گەڕانە بە دوای ئەرک و ڕۆڵی دوو سیستمی میدیایی گرنگ لە بەرهەمهێنانەوەی وێنەییدا (ئەنەلۆگ و دیجیتاڵ) لە ژیانی ڕۆژانەماندا و، پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە کات و شوێنەوە لە سەردەمەکەماندا و، ئەگەڕێت بە دوای پرسی (ئەندێشە و بەگەڕخستن) لە بەهای ئۆرایی هەردوو سیستمەکەدا. بۆیە ئامانج لەم توێژینەوەیەدا، درووستکردنی تێگەیشتنێکە لەسەر پێگەی وەرگر و بەکارهێنەر، لە ناو ئەم دوو جۆرە لە پێوەندییکردن دا (ئەنەلۆگ و دیجیتاڵ). چونکە لە هەردوو ڕەوتەکەدا جۆرێک لە لەچێوەنانی تاکە کەسیی و لەچێوەنانی دامەزراوەیی ئامادەیی هەیە (personal framing and institutional framnig). گرنگییدان بە پێگە و ڕامیاریی هەردوو ئاراستەکە، کە چۆن لە ژیانی ڕۆژانەمان دا پرسی کات و شوێنی سەردەمەکەمان ئەکەن و خۆیان بەگەڕ ئەخەن. ڕاستە کە میدیای ئەنەلۆگ سەر بە سەردەمێکی دوورترە بەڵام لێرەدا سەرکێشیی میدیای دیجیتاڵ ئەکات لە ئەمڕۆی ژانەرە کولتوورییەکان دا. گەر ئەمە بە جۆرێکی تر بڵێین، لەگەڵ ئەوەی ژیان تا دێت زیاتر بەدیجیتاڵ ئەبێت، بەڵام بەو واتایە نایەت کە ژیانی هاوچەرخ چیتر چیرۆک و بیرۆکە و پێوەندیی ئەنەلۆگی تێدا نەمابێت، یان ئەنەلۆگ ناکرێت وەک مێژوو تێی بڕوانین و پێمان وابێت لە کات و سەردەمی ئێستاماندا جێگای نییە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە ئامانجێتی کە گفتوگۆ بکات لەسەر پێگەی ئەم دوو ئاراستەیە لە درووستکردنی کولتووری هاوچەرخ دا.

سنووری بابەتیی توێژینەوەکە پەیوەستە بە کاری هونەریی لە هەردوو قۆناغی بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیی (ئەنەلۆگ) و دیجیتاڵیی دا، کە لە ڕووی کاریگەرییی میدیاییەوە دوو ئەزموون و شێوە ژیانی تەواو جیاواز ئەهێننە بوون.
لە ڕووی سنووری کاتییەوە پرسەکەمان پێوەندیی هەیە بە سەرەتای مێژووی درووستبوونی کامێرا و وێنەی فۆتۆگرافیەوە وەک میدیایەکی بەهێز لە بەرهەمهێنانەوەدا، کە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٢٦) لە لایەن داهێنەری فەرەنسایی (Joseph Nicéphore Niépce). (McDonald ٢٠١٥ p.١٦). وە پێشکەوتنی بە قۆناغەکانیدا بەرەو کامێرا و کۆمپیوتەری دیجیتاڵیی تا هەنووکە، کە ئەم دوو سیستەمە وا ئەکات کە کۆمەڵگا دوو جۆر کاردانەوەی جیاوازیان هەبێت لەسەر تەکنەلۆجیەکانیان.
سنووری جوگرافیای توێژینەوەکە فراوانە، چونکە هەردوو دیاردەکە لە بەرهەمهێنانەوە هەموو جێیەکی گرتۆتەوە و بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگاکان، کە تاڕادەیەک بووە بە دیاردەیەکی گەردوونیی و پەیوەست نابێت بە جوگرافیایەکی دیاریکراوەوە، بە تایبەت لەم سەردەمەی ئێستامان دا.

## میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی شیکاریی لەم توێژینەوەیەدا پیادەکراوە، تا بتوانرێت پێگەی هەردوو سیستمی (ئەنەلۆگ و دیجیتاڵ) دیاری بکرێت لە ڕووی هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی و ئەرک و میدیاییەوە لە (کات و شوێن)دا. جگە لەمەش چەمکی بەراوردکاریی تیۆریی بەردەوام ئامادەیی هەیە، بەهۆی ئەو دژیەکیی و چونییەکییانەی لە نێوان هەردوو میدیای بەرهەمهێنانەوەکەدا هەیە.

توێژینەوەکە لە بەشی یەکەمدا، بە دیسکۆرسی بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیی و دیجیتاڵیی دەست پێ ئەکات، تا بتوانێت بگاتە ڕیشەییترین خاڵی جیاکەرەوەی هەردوو جۆرە بەرهەمهێنانەوەکە. کە هێڵێکی جیاکەرەوە

ئەکێشـن لـە نێـوان دوو سـەردەم و دوو قۆناغـی جیـاوازدا (مۆدێـرن و هاوچـەرخ).
لـە بەشـی دووەمـدا، سـەرنج ئەخاتـە سـەر جیهانـی ئەنەلـۆگ کـە چـۆن ئەتوانێـت لـە رێگـەی خۆبەگەڕخسـتنەوە کۆنسـێپتی کات و شـوێن بـەدی بهێنێـت لـە سـەردەمی ئێسـتامان دا.
هەروەهـا بـە دوای رەڤەکردنـی ئـەم دوو بابەتـە دا، ئەگەینـە دەرئەنجامـی پێگـەی هـەردوو میدیاکـە (ئەنەلـۆگ و دیجیتـاڵ) لـە هێنانەبوونـی کولتـووری هاوچـەرخ دا.

## گریمانەی توێژینەوە

لـەم توێژینەوەیـەدا، چەمکـی بەگەڕخسـتن وەک (گۆڕاوێکـی سـەربەخۆ) لـە نـاو بەرهەمهێنانـەوەی دیجیتـاڵ و ئەنەلـۆگ دا، کار لەسـەر کاراکردنـی کات و شـوێن وەک (گۆڕاوێکـی وابەسـتە) دائەنێـت لـە نـاو هـەردوو سیسـتمەکەدا. ئـەم گریمانەیـەی لـە نێـوان (بەگەڕخسـتن) و (کات و شـوێن)دایە پـێ ئەچێـت ئەرێنیـی بێـت، چونکـە کات و شـوێن ئەکاتـە ئەزموونێکـی بێهاوتـا و دووری ئەخاتـەوە لـە دووبـارە بەرهەمهێنانـەوە. یـان باشـتر بڵێین ئەکرێت بەگەڕخسـتنی کات و شـوێن لـە ئیڤێنتێکـی هونەرییـدا، ئـەو راسـتیەمان بـۆ ڕوونبکاتـەوە کـە هەمیشـە ئەزموونێکـی جیـاواز لـە خـودی دووبارەبوونـەوە و بەرهەمهێنانـەوەدا هەیـە کـە خـاوەن ئـۆرای خۆیەتـی لـە هـەردوو سیسـتمی ئەنەلـۆگ و دیجیتـاڵ دا.
بەگەڕخسـتن یـان کاراکردنـی گشـت پێکهاتەکانـی ئیڤێنتێکـی هونەریـی، لـە کۆنسـێپتی (گشـتێتی-totality)دا خـۆی ئەبینێتـەوە جـا هونەرمەنـد پێـی هەسـتێت یاخـود کیوڕەیتـەر، واتـە لێـرەدا و لـەم گشـتێتیەدا بیرکردنـەوەی (کیوڕۆتەریـاڵ-curatorial)ی درووسـت ئەبێـت لەسـەر چالاکـی هونـەری. ئەمـەش پێشـانگا و چالاکـی هونـەری ئـەکات بـە ئەزموونێـک کـە فـرە رەهەنـدە و ئەزموونـی دووبارەوەبـوو ئەسـتەم ئەبێـت تیایـدا.
کاتێـک ئـەم گریمانەیـە بەرجەسـتە بـوو (بەگەڕخسـتنی کات و شـوێن)، ئیـتر هـەم ئەزموونـی هاوچەرخێتیـی فـۆڕم وەرئەگرێـت و هـەم خـودی بەرهەمهێنانـەوە بەهـا وەرئەگرێـت.

## چەمک و زاراوەکان

### -ئەنەلۆگ

میتۆدێکـە بـۆ نواندنـەوە و گواسـتنەوەی زانیاریـی، بـە بەکارهێنانـی سـیگناڵی بـەردەوام، کـە ئەگۆڕێـت لـە فراوانـی و شـەپۆل و ڕێـژەدا. واتـە زانیاریـی ئەکرێـت بـە گورزەیەکـی داتایی و بـە شـەپۆلێکی فیزیکیـی بـەردەوام دا ئەگوازرێتەوە (Oxford Dictionary ٢٠١٠ p. ٤٨) لـە ئەنەلۆگدا ئەکرێـت ژاوەژاو و شـێواندن رووبـات لـە شـەپۆلەکەدا، کـە ئەبێـت بـە هـۆی ئـەوەی کاریگەریـی درووسـت ببێـت لەسـەر وردەکاریـی و کواڵتیـی زانیارییـەکان لـە گواسـتنەوەکەدا، واتـە سیسـتمی ئەنەلـۆگ سیسـتمێکی میکانیکییـە. لـە میانـی تیۆریـی دا، ئەنەلـۆگ ئەوجیهانەیـە کـە نـەک تەنیـا لـە رووی بینگەییـەوە ئەزمـوون ئەکرێـت ، بەڵکـو رەهەنـدی فیزیکیـی و ماتریاڵیـش لەخـۆ ئەگرێـت. (Martens, Mark, Cheng ٢٠٠٦ p. ٣٧٢- ٣٧٣). بۆریـس گرۆیـس بـۆ ئـەوەی ئـەم جیهانـە (ئەنەلـۆگ) لـە جیهانـی دیجیتـاڵ و ئینتەرنێـت جیـا بکاتـەوە، نـاوی ئەنێـت واقعـی دەرەوەی هێـڵ (Groys) .(offline reality ٢٠١٦ p.١٣٩) لـە دیـدی توێـژەرەوە ئەنەلـۆگ ئـەو بەرهەمانـە ئەگرێتـەوە کـە لەسـەر شـێواز و دیـاردەی سیمولەیشـنی فیزیکیـی (physical simulation) بونیـاد نـراون. مـرۆڤ بـژاردەی ئـەوەی هەیـە کـە بـە هەمـوو هەسـتەکانی ئەزموونیـان بـکات.

## -دیجیتاڵ

سیستمێکە نواندنەوەی زانیاریی ئەکات لە ناردن و وەرگرتن دا، کە پرۆسەکەی لەسەر دارشتنێکی ژمارەیی جیاواز کار ئەکات کە پێکهاتووە لە سفر و یەک. داتاکان ئەکرێن بە کۆدی ژمارەیی کە لە دوو ژمارە پێک دێت و، لە رێگەی ئامێری ئەلکترۆنیی و کۆمپیوتەرەوە پرۆسەکەی جێ بەجێ ئەکرێت(Oxford Dictionary ٢٠١٠ p. ٤٢٢) دیجیتاڵ کەمتر ژاوەژاو و شێواندن تیایدا رووئەدات، لەبەرئەوەی بەهای ژمارەی ورد و درووست بەکار ئەهێنێت. هەر لەبەرئەوەیە زانیارییە دیجیتاڵییەکان کۆئەکرێنەوە و ئەگوازرێنەوە و تەنانەت کۆپییش ئەکرێن و بەرهەم ئەهێنرێنەوە بەبێ ئەوەی کواڵتییان لە دەست بچێت. لە رووی تیۆری کولتوورییەوە، دیجیتاڵ ئەزموونێکی (گریمانەییە-virtual) کە سیمولەیت کراوە لەسەر ئەزموونی جیهانی فیزیکیی، راستەخۆ وابەستەیە بە مێشک و بینینەوە. (Martens, Mark, Cheng ٢٠٠٦ p. ٣٧٢- ٣٧٣) لە ناساندنی توێژەردا، دیجیتاڵ ئەو میدیایەیە کە بەشێکە لە واقع بەڵام تەواو بەدی نەهاتووە لە رووی ئەزموونی فیزیکییەوە، جەستەی مرۆڤ ئەخاتە لاوە و راستەوخۆ پێوەندیی لەگەڵ هزری دا ئەبەستێت، مەگەر بە یاریدەی سیستمی ئەنەلۆگ ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە و جەستەی مرۆڤ بخاتەوە ناو پێوەندیی لەگەڵ خۆیدا.

## -ئەندێشە (Fiction)

داهێنان یاخود وێناکردنێکی هزریە بۆ رووداوێک یان هەر هەبوویەک کە راستەقینە نەبێت واتە گریمانەییە و لەسەر خەیاڵ درووستبووە. (Oxford Dictionary ٢٠١٠ p. ٥٦٨) هەرچەندە بۆ کۆمەڵناس و فەیلەسوفێکی وەک (بۆدریار) چیتر ئێمە دوو جیهانمان نییە کە جیا لە یەکتر بەریان بکەوین بە ناوی (ئەندێشە و واقع) بەڵکو لە جیهانی بەرزە-واقعدا (hyperreality) سنوورەکانی نێوان ئەندێشە و واقع لێڵ دەبن. واتە جیهانێک کە نە خەون و خەیاڵە نە واقعە، بەڵکو بەرزە-واقعە، و لەم جیهانەدا بۆ ئەم بیرمەندە، ‹واتا› لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا نییە، بەڵکو لە پرۆسەی دووبارە بەرهەمهێنانەوەدایە (Castree ٢٠٠٥ p.١٤٩). لەم توێژینەوەیەدا، سەرنج خراوەتە سەر تێمای ئەم زاراوەیە لە نێوان کۆنتێکستی ئەنەلۆگ و دیجیتاڵ دا؛ واتە لە دوو جۆر بەرهەمهێنانەوەی جیاوازدا. ئەندێشە لە پێناس و دیدی توێژەر دا، ئاوێتە بە واقع ئەبێت، واتە بەگەڕ ئەخرێت و بەشدارە لە درووستکردنی ئەوەی لە کۆتایدا بە واقع ناوئەبرێت.

## -بەگەڕخستن (Function)

مەبەستێکی کەڵکدارە کە فەرمانێک یان ئەرکێکی هەیە لە ژیانی کرداریی دا، گرنگیی بە دیکۆرکردن و خەیاڵ و ئێستاتیک نایات بەڵکو ئەرک و سوود ئامانجێتی (Oxford Dictionary ٢٠١٠ p. ٦٣٠) لەگەڵ ئەوەی (بەگەڕخستن) بەرامبەر بە زاراوەی (ئەندێشە) وەک دوو کۆنسێپتی دژ دەرئەکەون، بەڵام هونەر ئەتوانێت هەردوو پێکهاتەکە بگرێتە ئەستۆ. بە نموونە لە «کۆنستراکتڤیسمی رووسیی دا» جگە لە رەهەندی ئەندێشەیی و ئێستاتیکیی، وەرچەرخاندنی کۆمەڵایەتیی و رامیاریی بەشێکە لە بەرنامەی کار و چالاکییەکانیان. واتە ئامانجی (بەگەڕخستن) لە رەوتەکەیاندایە. (Lodder ١٩٨٣ p. ٢) لەم توێژینەوەیە دا، بەگەڕخستن بە واتای چالاککردنی کات و شوێن بەکارهاتووە لە سیستمی (ئەنەلۆگ و دیجیتاڵ)دا لە سەردەمی هاوچەرخ دا.

بۆ توێژەر، بەگەڕخستن پرۆسەیەکە کە توانای چالاککردنی شتەکانی هەیە، جا ئەو شتانە ماتریاڵیی بن یان ئەبستراکت.

## بەشی دووەم

## بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیی و بەرهەمهێنانەوەی دیجیتاڵیی

ئەم سەردەمە هاوچەرخەی ئێمە، ڕەنگە جیاواز بێت لە تەواوی سەردەمە مێژووییەکانی تر، چونکە هیچ کات پێشتر مرۆڤایەتیی هێندە سەرنجی بۆ هاوچەرخێتی سەردەمەکەی خۆی نەبووە. سەدەکانی ناوەڕاست سەرنجی بۆ ژیانی هەتاهەتایی هەبوو، ڕێنیسانس سەرنجی لای ڕابوردوو بوو، مۆدێرنیتی سەرنجی بۆ داهاتوو هەبوو. چەرخی ئێمە سەرنجی بۆ خودی خۆی هەیە. ئەو زۆربوونە بێ ئەندازەیەی مۆزەخانە هاوچەرخەکانی هونەر لە ئەمڕۆدا، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرنجە زۆرەی کە هەمانە بۆ: لە ڕووی شوێنەوە (ئێرە-Here) وە هەروەها لە ڕووی کاتەوە (ئێستا-Now) لە جیهانەکەماندا.

ئێمە لە پرۆسەی جیهانگیریی دا، و لە ڕێگەی گەشەکردنی تۆڕەکانی زانیارییەوە، ئاگاییمان پێ ئەدرێت لەسەر ئەوەی کە ڕووئەدات لە کات و شوێن دا لە ناو جیهانەکەمان دا. لێرەدا هەستی سەرسامبوونمان بۆ درووست ئەبێت، سەرسامبوون بە هاوچەرخێتیی سەردەمە هاوچەرخەکەمان. ئەمە هەمان ئەو هەستەیە کە لە مۆزەخانە هاوچەرخە هونەرییەکان دا ئەزموونی ئەکەین، کە ئەوەی هاوبەشە لە نێوانیاندا، ئەوەیە کە هەموویان لە (ئێرە و ئێستا)دا ڕوو ئەدەن. (Groys ٢٠١٦ p.١١١)

ڕەنگە ئەم سەرسامبوونەی کۆمەڵگەی ئێمە لەم سەردەمەدا، پێوەندیی بەو کاردانەوەیەمانەوە هەبێت کە بۆ میدیای دیجیتاڵیی هەمانە، چونکە میدیای دیجیتاڵیی (کۆمپیوتەر) سکرینێکە کە پێوەندیی بە کاتی هەنووکەوە هەیە، جیاواز لە سکرینی وەستاوی فۆتۆگرافیی و سکرینی جوڵاوی سینەمایی کە وێنەیەکی ڕابردووت بۆ پەخش ئەکەن. سکرینی دیجیتاڵیی ئەتوانێت ہمان گەیەنێت بە هەر شوێنێک لە جیهانەکەمان دا و، لە کاتی ئێستامان دا، واتە لە ڕووی تۆپۆلۆجییەوە پەیوەستە بە کات و شوێنی ئێستامانەوە، وە چالاکییەکانی ڕۆژانەمان لەگەڵ خۆیدا وابەستە ئەکات بە سەردەمە هاوچەرخەکەمانەوە. (Manovich ٢٠٠١ p.٩٩-١٠٥)

دیجیتاڵ لە توانایدا هەیە کە ببێت بە ژێدەرێکی هاوچەرخ بۆ پێوەندییکردن، چونکە (ئێرە و ئێستا)ی سەردەمەکەمان ئەکات بە بونیادی سەرەکیی خۆی. لێرەدا ئەگەر دیجیتاڵ جەخت بکاتەوە لەسەر کولتوور و شێوە ژیانی سەردەمی هاوچەرخ، وە ئەنەلۆگ لەسەر بەرهەم و بیری سەردەمی مۆدێرن، ئەوا چەند جیاوازیەکی بنەڕەتی دێنە پێش لە نێوان ئەم دوو سیستەمەدا (دیجیتاڵ و ئەنەلۆگ) لە شێوەپێدانیان بە چۆنێتیی ژیان. بە دڵنیاییەوە چەندین ڕێگای هەمەجۆر هەیە کە جیاوازی نێوان سەردەمی مۆدێرن و هاوچەرخی پێ لێک بەینەوە. بەڵام لێرەدا شیکارییەک ئەکەین لەسەر جیاوازی دوو شێواز لە بەرهەمهێنانەوە کە پێچەوانەن لەگەڵ یەکتریی. ئەوانیش بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیی(ئەنەلۆگ) و بەرهەمهێنانەوەی دیجیتاڵیین. (Groys ٢٠١٦ p.١١١-١١٢)

### بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیی

واڵتەر بێنجامن لە وتارەکەیدا (کاری هونەریی لە سەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیی دا، ١٩٣٥) دەربارەی بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیی ئەدوێت وەک «کامڵترین بەرهەمهێنانەوە». بە جۆرێک کە لە ڕووی بینگەییەوە جیاکاری ناهێڵێت لە نێوان ڕەسەن و کۆپییەکەی دا. بەڵام ئەو ئەپرسێت گەر ئەم ئەگەرە فەراهەم بێت بۆ بەرهەمهێنانەوەیەکی کامڵ کە لە ڕووی بینگەییەوە ،جیاکاریی ئەستەم بێت لە نێوان ڕەسەن و کۆپیی دا، ئایا بەو واتایە یەت کە بە ڕاستیی هیچ جیاکارییەک لە نێوانیاندا نەماوە؟

وەک ئەزانین بێنجامن وەڵامی ئەمە بە نەرێنیی ئەیاتەوە، بە پوختیی رەسەن (ئۆرا-aura)ی هەیە و کۆپیی نییەتی. ئۆرا بۆ بێنجامن پێوەندیی کاری هونەرییە بە کۆنتێکستە دەرەکییەکەیەوە، رەسەن شوێنی تایبەت بەخۆی هەیە کە ئەیکات بە ئۆبجێکتێکی بێ هاوتا و، تۆماری مێژوویی بۆ درووست ئەکات. بەڵام لە پێچەوانەی ئەمەدا کۆپیی (گریمانەییە-virtual) بێ شوێنە، نامێژووییە. واتە ئەو دەمەی کارێک بەرهەم ئەهێنرێتەوە، لە شوێنی خۆی لا ئەبرێت. (Groys ٢٠١٦ p.١١١) بێنجامن لە رووی رەوانبێژییەوە بەم جۆرە فۆرمەڵەی ئەکات:

‹‹تەنانەت کامڵترین بەرهەمهێنانەوەی کارێکی هونەریی، لە پێکهاتێکی کەم ئەبێت ئەویش (ئێرە و ئێستا)یەتی. ئەو بوونە بێ هاوتاییەیەتی کە لە کات و شوێندا رووئەدات.. (ئێرە و ئێستا)ی کارێکی رەسەن کۆنسێپتی راستەقینەبوون بۆ کارەکە درووست ئەکات..›› (Benjamin ١٩٩٢ p.٢٢٠)

کۆپیی راستەقینە نییە نەک لەبەر رەهەندە بینگەییەکەی، بەڵکو لەبەرئەوەی شوێنی نییە و لە دەرەنجام دا خۆی تۆماری مێژوو ناکات. تەنانەت بۆ بێنجامن فیلم و فۆتۆگرافی دوو فۆرمی هونەریی مۆدێرنن و میکانیکییانە بەرهەم ئەهێنرێن و لە رووی تۆپۆلۆجییەوە لە سوورڕاندنەوەیەکی نادیاردا دیزایینکراون. بەم روانگەیە بێت، سەردەمی بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیی ناتوانێت هیچ شتێکی رەسەن بەرهەم بهێنێت، بەڵکو تەنیا ئەتوانێت رەسانایەتی رەسەنەکان بسڕێتەوە. (Groys ٢٠١٦ p.١١٣)

بەم تێگەیشتنە بێت، لە پرۆسێسی فۆتۆگرافی ئەنەلۆگ دا، تەنیا بەشێک کە رەسەن بێت و خاوەن ئۆرا بێت، جامی وێنەکەیە کە نێگەتیڤە و یەکەم تیشکی بەرئەکەوێت (exposure) و گەواهی کات و شوێن ئەیات. بە نموونە (وێنەی ژمارە ١) کە تیایدا پیاوێک باز ئەیات بەسەر گۆماوێکدا. (Gelder and Westgeest ٢٠١١ p. ٨٨ - ٨٩) بەڵام دواتر نێگەتیڤەکە چاپ ئەکرێت و لەبەری ئەگیرێتەوە و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بەسەردا دێت، تەنانەت بەر لەوەی بگاتە چاوی خەڵکیی، کات و شوێنی ئەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.



هێنری بریسن، ئەودیو وێستگەی هێڵی شەمەندەفەری سەینت لازارد لە پاریس، ١٩٣٢ (وێنەی ژمارە ١)

رەسـەنبوون بـە واتـای بێهاوتابـوون دێـت، کـە ناتوانرێـت بەرهـەم بهێنرێتـەوە یاخـود لەبـەری بگیرێتـەوە، چونکـە کۆنسـێپتی رەسـەنێتی لای بێنجامـن رەگـی لـە سرووشـتدایە، ئەزمونێکـی ئۆراییـە و ناتوانرێـت بەرهـەم بهێنرێتـەوە بـە بـێ لەدەسـتدانی (ئێـرە و ئێسـتا). تەنانـەت گـەر لـە رووی تەکنیکیـەوە سرووشـت بتوانرێـت بەرهـەم بهێنرێتـەوە یاخـود (سـیمولەیت-simulate)١ بکرێتـەوە لەسـەر ئاسـتی ماتریـاڵ و فۆرمـی بیـنراو، هێشـتا ئۆراکـەی ناتوانرێـت بەرهـەم بهێنرێتـەوە و کۆپـی بکرێـت. ئەمـە لەبەرئەوەیـە کـە پێناسـی ئـۆرا لەسـەر چەنـد پایەیـەک رائەوەسـتێت ئەوانیـش: مـەودا و دووریـی لـە دەرکەوتـن دا، گەواهـی مێژوویـی، خاوەنداریێتیـی، راسـتەقینەێتیی، بەهـای (سروت-ritual)، بـەڵام لەگـەڵ دووبـارە بەرهەمهێنانـەوەی میکانیکیـی دا درزیـان تـێ ئەبێـت.. بـۆ نموونـە:

یەکـەم: بەرهەمهێنانـەوە هەلـی گەیشـتن بـە هـەر ئۆبجێکتێـک ئەڕەخسـێنێت، واتـە مـەودا و دووری ئەگۆڕێـت و نزیکـی ئەخاتـەوە.

دووەم: ئەم نزیکخستنەوەیە بەهای سروتی وێران ئەکات و نواندنەوە جێی ئەگرێتەوە.

سـێیەم: بـە کاڵابـوون و بەرهەمهێنانـەوەی خێـرا لـە کاری هونەریـی دا، وا ئـەکات کـە مـەودای مێژوویـی و بەرجەسـتێیتی کاری هونەریـی پێگەیەکـی ئەوتـۆی نەمێنێـت، وە لـە دەرەنجـام دا گەواهـی مێژوویـی و خاوەنداریێتیـی و راسـتەقینەێتیی تێـک ئەشـکێت. (Benjamin ١٩٩٢ p.٢١٩-٢٢٤)

## بەرهەمهێنانەوەی دیجیتاڵیی

فایلێکـی وێنەیـی کـە کلیکـی لەسـەر ئەکەیـن لەسـەر سـکرینی کۆمپیوتەرەکانمـان خـودی وێنەکـە نییـە، بەڵکـو ئامادەیـە کـە ئێمـە دەری بخەیـن، واتـە فایلـی وێنەیـی نادیـارە. وێنـەی دیجیتاڵیـی بریتیـە لـە هێـزی دەرخسـتن و بەبینینکردنـی فایلـە وێنەییـەکان. وێنـەی دیجیتاڵیـی ناتوانرێـت نمایـش بکرێـت (exhibit) یاخـود لەبـەری بگیرێتـەوە، بەڵکـو تەنیـا خـۆی پیشـان ئەیـات (perform).

تێکسـت و وێنـەی دیجیتاڵیـی هەمیشـە لـە فۆرمـی نـوێ دا دەرئەکـەون، بـە پێـی ئـەو فۆرمـات و سـۆفتوێرەی کـە بەکارهێنـەر کاری پـێ ئـەکات بـەو جـۆرەی کـە داتـا دیجیتاڵییـەکان دەرئەخـات لەسـەر سـکرینەکەی. واتـە بەبینینکردنـی داتـا دیجیتاڵییـەکان وابەسـتەیە بـە کـرداری بەکارهێنـەرەوە، و کاتێـک وێنـەی دیجیتاڵیـی بـە جـۆری جیـاواز لـە رێگـەی بەکارهێنەرەکانییـەوە دەرئەکـەون، ئیـتر ناتوانرێـت بخرێتـەوە نـاو رەخنەکـردن. چونکـە وێنـەی دیجیتاڵیـی ناتوانرێـت بـەراورد بکرێـت بـە رەسـەنەکەی، لەبەرئـەوەی رەسـەن (فایلـی وێنەیـی) لێـرەدا نادیـارە. ئەمـە جیـاوازە لـە بەرهەمهێنانـەوەی میکانیکیـی دا، لەوێـدا رەسـەن دیـارە و بـەراورد ئەکرێـت لەگـەڵ کۆپییەکـەی . هەمـوو بەبینینکردنێکـی داتـای دیجیتاڵیـی، نادڵنیایـی تێدایـە لـە پێوەندیـی بـە رەسـەنەکەیەوە، بـە واتایەکـی تـر ئەتوانرێـت بوترێـت کـە هـەر پیشـاندان و بەبینینکردنێکـی دیجیتاڵیـی بـۆ خـۆی ئەبێـت بـە رەسـەن.

لـە هەلومەرجـی سـەردەمی دیجیتـاڵ دا، بەکارهێنەرانـی ئینتەرنێـت بەرپرسـن لـە مانـەوە یـان ونبونـی وێنـە و تێکسـتە دیجیتاڵییـەکان لەسـەر سـکرینەکانیان. وێنـەی دیجیتاڵیـی بوونـی نییـە ئەگـەر ئێمـە دڵنیایـی (ئێـرە و ئێسـتا)ی پـێ نەبەخشـین، واتـە هـەر کۆپییەکـی دیجیتاڵیـی ئێـرە و ئێسـتای خـۆی هەیـە وە ئـۆرای رەسـەنی خـۆی هەیـە، کـە ئەمـە لـە کۆپیـی میکانیکیـی دا نییـە. لێـرەوە بەدیجیتاڵکـردن رادیکاڵانـە پێوەندیـی نێـوان کۆپیـی و رەسـەنی گـۆڕی، وە ئـەم گۆڕانکارییـەش ئەتوانیـن بـە ساتەوەختی بچڕاندنمانـی بزانیـن لـە مۆدێرنیتیـی و ئەمانباتـە نـاو هاوچەرخێتیـی. (Groys ٢٠١٦ p.١١٥-١١٦)

بەکارهێنەر گەر ڕێگە بە دەرکەوتنی شتەکان نەدات، شاراوە ئەمێنێتەوە. لە هەموو پیشاندانێکی داتای دیجیتاڵیدا و، لە هەموو بەرهەمهێنانێکی وێنەی کۆپیی دیجیتاڵیدا، ئێمە وێنەی خودی خۆشمان درووست ئەکەین لە هەمان کاتدا. واتە کاتێک وێنەیەکی کۆپیی دیجیتاڵیی درووست ئەکەم، کۆپییەکی خۆشم درووست ئەکەم، وە ئەم کۆپییە پێشنیار ئەکەم بۆ لێڕوانەرێکی نادیار کە لەودیو ڕووی سکرینەکەی مندا خۆی حەشارداوە، و ئەمە ڕیشەییترین جیاوازیی نێوان بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیی و بەرهەمهێنانەوەی دیجیتاڵییە.

لەم چەند دەیەیەی ئێستاماندا، ئینتەرنێت بووە بە شوێنێکی بنەڕەتی بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوبوونەوەی نووسین، وێژە، چالاکیی هونەریی، و ئارکایڤی کولتووریی. چیی بەسەر هونەر و نووسینی وێژەییدا هات کاتێک کۆچیی کرد لە دامەزراوە کولتوورییە نەریتییەکانەوە بەرەو ئینتەرنێت؟

لە ڕووی مێژووییەوە، هونەر و وێژە وەک بوارێک وەرگیراون کە وابەستەن بە ئەندێشەوە (fiction). بۆریس گرۆیس پێی وایە کە ئینتەرنێت وەک میدیەمێکی سەرەکیی بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە، هونەر و وێژە ئاراستە ئەکات بە جۆرێک کە خەیاڵ و ئەندێشەی لێ دائەبڕێت (defictionalisation).

بۆ نموونە کاتێک لە هۆڵێکی شانۆدا دائەنیشین پێویستە خۆمان بگەیێنینە قۆناغی خۆ-لەبیرکردن دەربارەی ئەو سپەیسەی لێی دانیشتوین و، تەنیا ئەو دەمە ئەتوانین بە گیان ژیانی ڕۆژانەی ناو واقع جێ بهێڵین و نغرۆبین لە ناو ئەو جیهانە ئەندێشەییەی لەسەر تەختی شانۆکە بۆمان نمایش ئەکرێت. خوێنەر ئەبێت ئەوە لە یاد بکات کە کتێبەکەی دەستی وەک هەر ئۆبجێکتێکی ماددی ترە، تا بتوانێت لەگەڵ گێڕانەوە و چیرۆکە وێژەییەکەدا بڕوات کە ئەیخوێنێتەوە. لە مۆزەخانەی هونەرییشدا، سەردانیکەرەکان، پێویستە خودی مۆزەخانەکە لە یاد بکەن تا بتوانن لەگەڵ کارە هونەرییەکان دا پێوەندیی ببەستن و ئاوێتە بن. لێرەدا مەبەست درووستکردنی پێش مەرجێکە، کە تیایدا ئەندێشە وەک ئەندێشە بەگەڕ بخەین، ئەمەش تەنیا کاتێک ڕێی تێ ئەچێت کە بتوانین ڕەهەندی مادیی و تەکنەلۆجیی و چوارچێوەی دامەزراوەیی کارە هونەرییەکە یان وێژەییەکە بخەینە لاوە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا، ئاڤانت-گاردی مێژوویی هەوڵیدا کە ڕەهەندە ناخەیاڵییەکەی یاخود نائەندێشەییەکەی هونەر دەربخات، بۆ ئەم مەبەستە چێوەی تەکنەلۆجیی و دامەزراوەیی هونەرییان بە تێماکردەوە و دژی وەستان، تا بتوانن بیخەنە دۆخی ئەزموونییەوە لای بینەر و خوێنەر و وەرگر. بێرلۆت برێخت وەهمی شانۆی تێکشکاند، فیوچەریست و کۆنستراکتڤیستەکان هونەرمەندیان ئەچواند بە پیشەگەرێک، بە ئەندازیارێک کە شتی ڕاستەقینە بەرهەم ئەهێنن (لێرەدا مەبەست لە ڕاستەقینە شتگەلێکە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەگەڕخراوە و ئەرکی هەیە)، واتە بردنی هونەر لە ئەندێشەوە (fiction) بۆ بەگەڕخستن (function). لێرەدا هونەر ئەتوانێت وێنە وەهمیە، خەیاڵیەکانی جیهانەکەمان ئاشکرا بکات (مەبەست هونەریی ئاڤانت-گارد)ە هەرچەندە ئەم خواستە بۆ گەیشتن بە واقع تەواو سەرنەکەوت، چونکە واقعی هونەر بە تایبەت دیوە ماتێریاڵییەکەی جارێکی دی بەئەندێشە کرایەوە و خرایە ناو هونەری نواندنەوە (representation).

ئینتەرنێت توانی ئەم هاوکێشەیە بە ڕادیکاڵیی بگۆڕێت، ئینتەرنێت میدیەمی زانیارییە، کارەکتەرێکی نائەندێشەیی هەیە، واقیعی دەرەوەی هێڵ بە سەرچاوەی خۆی وەرئەگرێت و، زانیارییەکانیش هەمیشە پێوەندیی هەیە بەو شتانەوە کە لە دەرەوەی هێڵی ئینتەرنێتن. ئەگەر وا نەبوایە، ئەوا ئاڵوگۆڕیە ئابوورییەکان و بانکەکان، چالاکییە سەربازییەکان، کامێرای چاودێریی و ئاسایش مەحاڵ ئەبوون. بە دڵنیاییەوە ئەکرێت لە ئینتەرنێتدا کارێکی ئەندێشەیی بکرێت لە لایان بەکارهێنەرێکی ئەندێشەییەوە، بەڵام وەک ساختە وەرئەگیرێت و هەوڵی ئاشکراکردنی ئەدرێت، چونکە وەک وتمان ئینتەرنێت کارئەکتەرێکی بەگەڕخەری هەیە کە زانیاریی

بەگــەڕ ئەخــات (Groys) .(functional ٢٠١٦ p.١٣٧-١٤٠)

هونـەر و وێـژەی ئینتەرنێـت، دیجیتاڵییـە و چوارچێـوەی دامەزراوەیـی وەرناگرێـت، وەک ئـەوەی کـە لـە جیهانـی ئەنەلـۆگ دا هەیەتـی لەنـاو کارگـە و هۆڵـی شـانۆ و بۆرسـە و مۆزەخانـەکان دا. لەگـەڵ ئـەوەی وێبسـایت و بلۆگـی تایبـەت بـە هونـەر و وێـژە هەیـە، بـەڵام هێشـتا پێویسـتی بـە کلیککردنـی بەکارهێنەرەکـەی هەیـە تـا پێگەیـان بـۆ دیـاری بـکات، ئەمـەش ئـەو سـاتەیە کـە لەچێوەنانـی تاکـە کـەس رووئـەدات لـە کۆمپیوتـەری بەکارهێنەرەکـەدا، وە ئـەم لەچێوەنانـە تاکەکەسـییە ئەتوانرێـت بـە خۆدابڕکـردن دابنرێـت لـە دامـەزراوە (deinstitutionalised)، چونکـە دابـڕ ئەبیـن لـە لەچێوەنانـی ئەندێشـەیی دامـەزراوە.

ئینتەرنێـت هەمـوو سـاتەکان تۆمـار ئـەکات، کاتێـک داتایەکـی دیاریکـراو کلیکـی لەسـەر ئەکرێـت یـان (لایـک یـان دیسـلایک) ئەکرێـت ، یاخـود ئەگوازرێتـەوە یـان وەرئەچەرخێـت و فۆڕمـی ئەگۆڕێـت، هەمـووی تۆمـار ئەبێـت. بـە پێـی ئەمـە، وێنـەی دیجیتاڵـی هەرگیـز ناتوانرێـت کۆپیـی بکرێـت و بـەردەوام بـە شـێوەیەکی نـوێ خـۆی پیشـان ئەیـات (جیـاواز لـەوەی کـە لـە ئەنەلـۆگ دا، وێنـە بـە میکانیکیـی بەرهـەم ئەهێنرایـەوە و تۆمارکردنێـک لـە ئـارادا نەبـوو). هـەر فایلێکـی داتایـی کـە سـەیر ئەکرێـت یـان ئەخوێنرێتـەوە، ساتەکەی دیـاری ئەبێـت و ئارکایـڤ ئەبێـت، واتـە ئاسـەواری کردارەکـە جـێ ئەمێنـێ و تۆمـار ئەبێـت لـە ئینتەرنێـت دا. بـەڵام لـە واقعـی ئۆفلایـن دا، واتـە دەرەوەی ئینتەرنێـت، کـردارەکان هیـچ تۆمارێـک یـان ئاسـەوارێک جـێ ناهێڵـن. (Groys ٢٠١٦ p.١٤٧-١٤٨)

ئـەو شـیکارییکردن و بەراودکارییـەی لـە نێـوان بەرهەمهێنانـەوەی میکانیکیی و دیجیتاڵییـدا خسـتمانەڕوو، ئەمانگەێنێتە دەرئەنجامێـک لـەم بەشـەدا، لەبـەر رۆشـنایی، رەخنـەی بۆریـس گرۆیـس بـۆ واڵتـەر بێنجامـن، کـە ئەتوانیـن بـەم جـۆرە پوختـەی بکەیـن: ئەگـەر تەکنیکەکانـی بەرهەمهێنانـەوەی میکانیکیـی ئۆبجێکتـی کەڵەکەکردبێـت بـە بـێ ئـۆرا (لای بێنجامـن)، ئـەوا بەرهەمهێنانـەوەی دیجیتاڵـی ئـۆرای بـۆ درووسـت کـرد بـە بـێ ئۆبجێکـت (لای گرۆیـس).

## بەشی سێیەم

### بەگەڕخستن لە نێوان ئەنەلۆگ و دیجیتاڵ دا

بەشـی یەکـەم لەگـەڵ ئـەو دەرئەنجامـە جێـی هێشـتین کـە بەرهەمهێنانـەوەی دیجیتاڵـی لـە توانایدایـە ئـۆرا درووسـت بـکات، بـە بـێ کەڵەکەکردنـی ئۆبجێکـت، کەواتـە ئەپرسـین ئایـا گـەر وێنەیەکـی میکانیکیـی چـووە نـاو میدیـای دیجیتاڵییـەوە و لەوێـوە خـۆی دەرخسـت، ئەگونجێـت بڵێیـن کـە ئەتوانێـت ئـۆرا بەدەسـت بێنێتـەوە؟ یـان بـە پێچەوانـەوە گـەر وێنەیەکـی دیجیتاڵـی چـاپ بکرێـت و بچێتـە نـاو جیهانـی فیزیکیـی، ئەکرێـت بوترێـت چووەتـە بـەر ئەگـەری لـە دەسـتدانی ئـۆرا؟ ئـەم بابەتـە راسـتەوخۆ وابەسـتەیە بـە چۆنێتیـی بەرهەمهێنـان و خۆدەرخسـتنی وێنەکـە و پێگـەی وەرگـر و ئەزموونـی لەگـەڵ وێنەکـەدا، یـان ئەکرێـت بڵێیـن پێوەندیـی هەیـە بـە کۆنتێکسـتی وێنەکـەوە. ئەمـە روونکردنـەوەی ئەوێـت:

دیجیتـاڵ ئـەوە نییـە کـە بـە ئامـرازی دیجیتاڵـی یەتـە بەرهەم، بەڵکو ئەوەیە کە لـە بازنـەی دیجیتاڵـی دا دەرئەکەوێت و خـۆی دائەمەزرێنێت، چونکـە ئەکرێـت کارێـک بـە ئامـڕازی ئەنەلـۆگ بەرهـەم بهێنرێـت و، دواتـر لـە رێگـەی میدیای دیجیتاڵییـەوە خـۆی دەربخـات و بـە پێچەوانەشـەوە. ئەمـە پەلکێشـمان ئـەکات بـۆ ئـەو بیرکردنەوەیـەی کـە بڵێیـن کـە بەهـای ئۆرایـی، وابەسـتەیە بـە ئـەرک و بەگەڕخسـتنی وێنەکـە لـە کۆنتێکسـت دا و تۆپۆلۆجـی ئـەو میدیایـەی کـە وێنەکـە خـۆی تیـادا نمایـندە ئـەکات. لـە بەشـی یەکەمـدا لای بۆریـس گرۆیـس ئاماژەمـان دا بـەوەی کـە تێـمای

(بەگەڕخستن) لە میدیای دیجیتاڵیی دا، وا ئەکات کە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان کۆپیی و رەسەن، تێکبشکێت و بەهای ئۆرایی بچێتە سەر هەر تاکە وێنەیەک یان ئۆبجێکتێک لە کۆنتێکستەکەی خۆیدا.

وێنە لە ناو جیهانی ئینتەرنێت دا کۆپیی ئەکرێت  و رەسەنەکەی دیار نییە هەتا پێی بەراوورد بکرێت، ئەمەمان لە بەشی یەکەمدا باسکرد. ئەم وێنەیەی ناو ئینتەرنێت، رەنگە کواڵتیی نزم بێت، رەنگە لە لایەن بەکارهێنەرانییەوە دەستکاری کرابێت. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، بەردەوام لەم پەخشە دیجیتاڵییەدا خۆی بەگەڕئەخات بە تایبەت لە رووی کات و شوێنەوە. هیتۆ شتایرڵ لە وتاری (لە بەرگریی وێنەی لاوازدا)، بەم وێنە کۆپییە ئەڵێت وێنەی لاواز (مەبەستی وێنەی دیجیتاڵییە). ئەو پێی وایە لەگەڵ ئەوەی وێنەیەکی کۆپییە و کواڵتیی نزمە و لە تارمایی وێنە ئەچێت نەک خودی وێنە، گەڕۆکە و بێ بەرامبەر بڵاوئەبێت بەوە، دووبارە بەرهەم ئەهێنرێتەوە و بەردەوام لەبەری ئەگیرێتەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، نێتوۆرکێکی جیهانی نەناسراو درووست ئەکات و ئەبێت بە گەشتیار لە جیهانی دیجیتاڵ دا، وە بەردەوام وردی و شێواز و فۆڕمات و خێرایی و میدیاکانی ئەگۆڕێت، تەنانەت هەندێک جار ناویشی ئەگۆڕێت، بەڵام بەردەوام ئەگەڕێتەوە ناو بازنەی دەستاودەستکردنی دیجیتاڵیی لە ژێر ناوی (وێنەی لاواز)دا. رەنگە وا بیری لێ بکەینەوە کە راستەقینە نییە، بەڵام چ شتێک راستەقینەیە؟ ئەوەی لە وێنەی لاوازدا لەدەستمان ئەچێت، وردەکاریی و ناوەڕۆکە بینگەییەکەیەتی، بەڵام لەو کۆنتێکستەی تیایدایە ئۆرا لە دەست نادات، بەڵکو ئۆرایەکی نوێ دەوری ئەدات کە لەسەر بنەمای هەمیشەیێتیی و رەسەنێتیی خۆی بنیاد نەناوە، بەڵکو ئۆرایەکە کە لەسەر کاتیبوون و کۆپیکردن بینا بووە. وێنەی لاواز (وێنەی دیجیتاڵ) چیتر گرنگییەکەی لەوەدا نییە کە تا چەند راستەقینەیە یاخود رەسەنە، بەڵکو لەو دۆخە پراکتیکییەیدایە کە هەیەتی لە بووندا، لەو دەستاودەستکردنە چڕوپڕەیدایە، لە بڵاوبوونەوە دیجیتاڵییەکەیدایە، لە کاتیبونەکەیدایە. بە کورتی: لە واقعیبوون  و بەگەڕخەرییەکەیدایە لە ناو ژیانی رۆژانەدا. (Steyerl ٢٠٠٩ p.١-٩)

گرۆیس و شتایرڵ، بەگەڕخستن ئەکەنە ئامانج لە درووستبوونی کۆنسێپتی ئۆرا دا لە ناو جیهانی دیجیتاڵ دا، و بوونێکی کاتیی ئەگەیەنێ. ئاخۆ ئەگونجێت وێنەیەکی ئەنەلۆگ بەهامان شێوە گەر بەگەڕبخرێت لە ناو پراکتیکی رۆژانەدا، لەو کاتەدا و لەو کۆنتێکستەدا، ئۆرا وەربگرێت؟ بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیی ئۆرای بەخشیە رەسەن، واتە ئۆرا و بیری رەسەنێتی بە بێ هەبوونی کۆپیی هییچ مانایەک وەرناگرێت، چونکە بە بێ کۆپیی تێمای بەراودکاریی لە نێوان رەسەن و کۆپییدا روونادات. (Walsh ٢٠٠٧ p. ٢٩). لەگەڵ ئەوەشدا (بەگەڕخستنی کات و شوێن) لە ناو جیهانی فیزیکیی و ئەنەلۆگ دا، ئەتوانێت دووبارە بەها باتەوە بە کارێکی کۆپیی و رێ لە بەراوردکاریی بگرێت لە بەرامبەر رەسەنەکەیدا.
کاتیبوونی ئۆرا لە بەگەڕخستنی (ئێرە و ئێستا)ی کارەهونەرییەکەدایە، وە ئۆراکەی درێژەی ئەبێت، تا ئەو جێیەی کە کات و شوێن بە بەگەڕخراوی بمێنن. کۆنسێپتی بەگەڕخستن ئەکرێت ئەجندای رامیاریی، ئابووریی، ئایینیی، هونەریی.. هتد هەبێت، کەواتە ئەتوانین بڵێین پەرستگایەکی دێرین کە لە ڕابردوودا ئۆرایەکی ئایینیی هەبووە، رەنگە لە ئەمڕۆدا باوەڕە ئایینییەکەی پیادە نەکرێت و ئۆرایەکی مێژوویی شارستانیی یان رامیاریی هەبێت. واتە ناوەڕۆکی ئۆرا بە پێی رۆڵی کات و شوێن ئەگۆڕێت و درێژەی ئەبێت، ناکرێت جێگیر و نەگۆڕ لێی بڕوانین، ناکرێت پێمان وابێت رەگێکی رەسەنی هەیە و لە رابردووەوە درێژئەبێت بەوە بۆ داهاتوو، ناشتوانین وەک پڕۆژەی ئایندە سەیری بکەین چونکە دیسان لە گۆڕاندایە بە بەردەوامی و جێگیر نییە. گەر

نموونەی کەشتیەکەی سایمۆن ستارلینگ وەربگرین کە لە کارێکی هونەریی (سایت سپێسفیک-site-specific)دا بەرجەستەی ئەکات. لەژێر ناوی (Autoxylopyrocycloboros) دا، کە وشەیەکی داتاشراوی خۆیەتی و بە واتای (خۆلەناوبەر) مانای ئەکات، گەشتێکی دەریاوانیی ئەگرێتەبەر و چوار کاتژمێر ئەخایەنێ و بە دەریاچەی (لۆچ لۆنگ)دا تێ ئەپەڕێت، بە بەلەمێکی لە تەختە دروستکراوەو، کە بە وزەی هەڵمیی کار ئەکات، و پارچە پارچە لە تەختەی بەلەمەکە ئەبڕێت و ئەیکات بە بۆیلەرە هەڵمییەکەوە و وزەی بەردەوامبوون لە ڕۆیشتن درووست ئەکات. وردە وردە پارچەکانی بەلەمەکە ئەسووتێن و نوقم ئەبێت (وێنەی ژمارە ٢). ئەو وادەیەی کەشتیەکە لە دەوراندایە، کات و شوێنێکی تایبەت بە خۆی هەیە، و ئێستاکە فۆتۆی دۆکیومێنتکردنی ڕووداوەکەش خاوەن کات و شوێنێکی تر و بە جۆرێکی جیاوازتر ئەزموون ئەکرێت ، نەک کات و شوێنی لەدەست دابێت. باشتر بڵێین بەراوردکاریی چەمکی کات و شوێن لە نێوان ئەم دوو پرۆسەیەدا لە ڕووی کۆنتێکستەوە هەڵە ئەبێت. بەر لەوەی ئەم بەلەمە لەم کارە هونەرییەدا بەکار بهێنرێت، پێشتر لە دەریاچەی (لۆچ لۆمۆند) لە سکۆتلەندا نقوم بووبوو دواتر دەرهێنراوەتەوە و نۆژەنکراوەتەوە، پاشان لەم کارەی ستارلینگ دا بەکارهاتووە. واتە سێ ئەزموونی جیاواز بەسەر ئەم بەلەمەدا هاتووە و هەر ئەزموونەی بەهای تایبەت بە خۆی هەیە لە کات و شوێندا و، ئەکرێت لە ئایندەشدا بەلەمەکە یان فۆتۆکانی بەلەمەکە بچنەوە ناو ئەزموونی تر و پێناسی تر بکەن بۆ کات و شوێن باشتر بڵێین بەهای ئۆرایی جیاواز پەیدا بکەن. (Rochette and Saunders ٢٠١٠ .p ١٠٨)



سایمۆن ستارلینگ، Autoxylopyrocycloboros، ٢٠٠٦. یەکێک لەو زنجیرە فۆتۆیەی کە لە وادەی ئەم ئیڤێنتەدا گیراوە. (وێنەی ژمارە ٢).

ئەو دەمەی کە (بەراودکاریی) بەرپێگیرا، ئیتر بیری ڕەسەن و کۆپیی هەڵئەوەشێتەوە. چۆن ئەمە لە کارێکی دووبارە بەرهەمهێنراوی میکانیکییدا ڕووئەدات؟یان ئەگەر ئێمە سەردانی پێشانگایەکمان کرد کە کارەکانی سەر بە جیهانی ئەنەلۆگ بوون، چیی ڕووئەدات؟ جگە لە خودی وێنەکە، بێنجامن تەنانەت کۆنسێپتی پێشانگاش بە کێشە ئەبینێت و ئەیچوێنێت بە دووبارە بەرهەمهێنانەوە لە کاریگەرییان دا لەسەر خودی کارە هونەرییەکە. هەردوو چالاکیەکە (پێشانگا و دووبارە بەرهەمهێنانەوە) کاری هونەریی دائەبڕن لە جێگە مێژووییەکەی،

واتـە (کات و شـوێنی) لـێ ئەسـتێننەوە و، پێـی وایـە کـە لـەم بـارەدا کاری هونەریـی سرووت و نەریتـی لەدەسـت ئەیـات، باشـتر بڵێیـن ئـۆرای لەدەسـت ئەیـات. لێرەدا ئـۆرا بـەو تێگەیشـتنە بـەکار هاتـووە کـە ئـەو کۆنتێکسـتەیە لـە بنەڕەتـەوە کارە هونەرییەکـەی لێـوە هاتـووە و درووسـت بـووە. هـەروەک چـۆن لـە دووبـارە بەرهەمهێنانـەوە دا کۆپیـی نوێنەرایەتـی ڕەسـەن ئـەکات بـەڵام ڕەسـەنەکە ئامـادە نییـە، ئـاواش کارێکـی هونەریـی نمایشـکراوی نـاو پێشـانگا، ئاماژە بـە کۆنتێکسـتە ڕەسـەنەکەی ئـەکات، بـەڵام وەرگـر ناتوانێـت ئەزموونـی ئـەو کۆنتێکسـتە بـکات. بۆیـە کاری هونەریـی لێـرەدا ناسـنامەیەکی سـەربەخۆ وەرئەگرێـت لـە ڕووی ماتریاڵییـەوە، بـەڵام شـوێنە مێژووییەکـەی ئامادەیـی نییـە و لـە دەسـتی داوە.

هەرچەنـدە ئەمـە پـێ ئەچێـت ڕاسـت بێـت گـەر پێشـانگا وەک پرۆسـەی بەمۆزەخانەکـردن وەربگریـن، کـە هەمـوو ئۆبجێکـت و وێنـەکان لـە خزمـەت ئـۆرای مۆزەخانەکـەدا کۆکراونەتـەوە و ڕەنگـە سپەیسـەکە هییـچ پێوەندییەکـی بـە کارەکانـەوە نەبێـت و، هەسـت بکەیـن لـە نـاو گەنجینەیەکدایـن یـان لـە نـاو پانتایەکدایـن کـە ڕووداوەکانـی نـاو کارە هونەرییـەکان دۆکیومێنـت ئـەکات نـەک خـودی خۆمـان بخاتـە نـاو ڕووداوەکانـەوە. بـەڵام لـە پێچەوانـەی ئەمەشـدا پێویسـتە ئـەوە لـە یـاد نەکەیـن کـە لـە پێشـانگایەکی هونەریـی (ئینستەڵەیشـن) یـان (سـایت سپێسـفیک)دا تـەواو جیـاواز ئەبێـت. کاتێـک سپەیسـەکە (شـوێنەکە) کارلێـک ئـەکات لەگـەڵ کارە هونەرییەکـەدا و، کۆنتێکسـتێکی تـر درووسـت ئەبێـت کـە دووبـارە بەرهـەم نەهاتۆتـەوە، و پێشـتر ئەزمـوون نەکـراوە، واتـە (کات و شـوێن)ێکی نوێـی پـێ ئەبەخشـێت، ڕاستەقینەبوونێک و ئۆرایەکـی تـری بـۆ درووسـت ئـەکات. بـە واتایەکـی تـر، ڕاسـتە لـە نـاو پێشـانگا دا کاری هونەریـی لەچێوەنـراوە، بـەڵام بینەریـش لەچێوەنـراوە، هـەم شـتگەلێک کـراوە بـە پێشـانگا، هـەم خۆشـمان بووینەتـەوە بـە پێشـانگا بـۆ ئەوانـی ترمـان، بـەم هـۆکارە ئێمـە لـە دەرەوەی پرۆسـەکە نیـن، بەڵکـو لـە ناویدایـن، هـەر بـۆ ئـەم هۆکارەیـە کـە ئەتوانیـن بڵێیـن پێشـانگا کاری هونەریـی نییـە، بەڵکـو ئیڤێنتـی٢ هونەرییـە، بۆیـە لێـرەدا ئـۆرای کارە هونەرییەکـە لـە دەسـت ناچێـت بەڵکـو دووبـارە کۆنتێکسـتی بـۆ درووسـت ئەبێـت و (کات و شـوێن)ی نوێـی پـێ ئەبەخشرێـت. (Groys ٢٠١٨ p.١-٨)

بـەردەوام ئەبیـن لەگـەڵ ئامادەیـی جەسـتەمان لـە نـاو پێشـانگاکەدا، دوو جـۆر بینییـن ئەزمـوون ئەکەیـن، بینینێکیـان پێوەندیـی هەیـە بـەو شـتانەی کـە لـە پێـش چاوماندایـە و ئەتوانیـن کۆنترۆڵـی بکەیـن (frontal gaze)، بـە نموونـە بینینـی ئۆبجێکـت و کارە هونەرییـەکان. بینینـی دووەمـمان پـەرت و پارچـە پارچەییـە (fragmentary)یـە و پێوەندیی هەیـە بـەو ڕاوەمـەی کـە تیایدایـن (gaze from within). لێـرەدا شـتەکان لـە پێـش چاومانـدا نیـن، بەڵکـو پێویسـتە بەگەڕییـن بـە ناویانـدا، چونکـە ئێمـە لـە ناویاندایـن. (Groys ٢٠١٨ p. ٤)، و ئـەم گەڕانـە دۆخێکـی ئەزموونیـی وەهایـە کـە ناچێتـەوە سـەر دووبـارە بەرهەمهێنانـەوە، چونکـە ئیڤێنتێکـی سـەربەخۆیە و وابەسـتەیە بـە کات و شـوێنی خۆیـەوە. لێـرەدا وەرگـر کۆشـش ئـەکات و ئەگەڕێـت تـا لـەو پارچانـەی کـە ئەبینێـت وێنەیەکـی گشـتیی (پوختـە-render) بـکات لـە زەینیـدا دەربـارەی ئـەو شـوێنەی کـە تیایدایـە.

لـە هـەردوو بینینەکـەدا ئێمـە تـەواو بـە ئاگایـن، لـەوەی کـە بانگهێشـتی سپەیسـێکی گریمانەیـی و ئەندێشـەیی کراویـن. بـەڵام لێـرەدا (کیورەیتینـگ) ئەتوانێـت لـە ڕێگـەی (بەگەڕخسـتن)ەوە ئەزموونێکـی نـوێ بـات بـە (کات و شـوێن)ی کارە هونەرییەکـە، بـە جۆرێـک کـە وەرگـر بەرکەوتنێکـی نوێـی بـۆ درووسـت ئەبێـت لەگـەڵ ئـەو کۆنتێکسـتەدا، کـە ناچێتـەوە سـەر دووبـارە بەرهەمهێنانـەوە. بـە نموونـە گـەر یـەک تاکـە کاری هونەریـی وەربگریـن لـە دوو پێشـانگای جیـاوازدا، کـە لـە دوو کۆنتێکسـتی جیـاوازدا کیورەیتینگـی بـۆ کرابێـت، ئەوەمـان بـۆ ڕوون ئەبێـت بـەوە کـە چـۆن

کیوڕەیتینگ کاری هونەریی ئەخاتە دەرەوەی بەرهەمهێنانەوە، و جارێکی تر ئەیکاتە دۆخی نا بەراودکارییەوە. باشتر بڵێین کاری هونەریی ئەبێت بە گەڕیدەیەک و خۆی بەگەڕ ئەخات لە کات و شوێنی جیاوازدا. گەر (9A Summertime)ی جاکسن پۆڵۆک بە نموونە وەربگرین لە دوو پێشانگا و دوو کاتی جیاوازدا کە چەند دەیەیەک نێوانیانە، لە هەردوو گەلەری وایتچاپڵ و گەلەری تەیت مۆدێرن لە لەندەن، ئەوا تێدەگەین کە چۆن دوو ئەزموونی تەواو جیاواز ئەکەین لەم دوو ئیڤێنتەدا. (وێنەی ژمارە ٤،٣)



جاکسن پۆڵۆک (9A Summertime) ١٩٤٨، لە نمایشی (A bigger splash: painting after performance) لە گەلەری تەیت لە شاری لەندەن، ٢٠١٢، بە شێوەیەکی ئاسۆیی لەسەر ڕووکاری تەخت کارەکە نمایش کراوە. (وێنەی ژمارە ٣)

جاکسن پۆڵۆک (9A Summertime) ١٩٤٨، لە نمایشی (Staging Jackson Pollock) لە گەلەری وایتچاپڵ لە شاری لەندەن، ١٩٥٨، بە شێوەیەکی ستوونی پەیوەست بە دیوار کارەکە نمایش کراوە. (وێنەی ژمارە ٤)

لە پێشانگاکەی گەلەری تەیت مۆدێرن کە (کاترین وود) کیوڕەیتەری بوو، کارەکەی پۆڵۆک لە باری ئاسۆییدا نمایش ئەکات، لەسەر ئەو شێوازەی کە کارە هونەرییەکە لە بنەڕەتەوە لەسەر زەویی بەرهەمهاتووە. نمایشەکە سەرنجی لەسەر تێمای (ئاکشن)ە، وە وەرگر لێرەدا لەگەڵ پرسی پێرفۆڕمانس و وێنەکێشان ئاراستە ئەکرێت وەک ئەوەی لە (وێنەی ژمارە ٣)دا دیارە. (Wood ٢٠١٢ .p ١-٣) بەڵام لە پێشانگاکەی گەلەری وایتچاپڵ دا کارەکە لەسەر دیوار جێگیرکراوە و نمایشکراوە، چونکە پێشانگاکە گرنگیی ئەیات بە تێمای (ئەبستراکشن و وێنە) (وێنەی ژمارە ٤). (Pierse ٢٠١٧ .p ٦٨-٦٩) گەر کارەکەی پۆڵۆک لە پۆستکارتێک دا یان لە جامخانەی کۆگایەک دا بینیمانەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا، پێویستە سەرنج بەین کە ئاخۆ لە چ کۆنتێکستێک دا بەگەڕخراوە و چۆن کات و شوێنێکی نوێی وەرگرتووە.

لێرەدا، ئۆبجێکتی هونەریی و ئەو شوێنەی کە تیایدا خۆی دەرئەخات و پێگەی وەرگر لە کارەکەدا، ئەبن بە کۆکراوەیەک و پێکەوە کارێکی هونەریی پێک ئەهێنن، و ئەم گشتێتیە (totality) کە هەموو پێکهاتەکان یەکئەگرن، ئەبن بە ئەزموونێکی کۆکراوە کە لە هەموو قۆناغێک دا (کات و شوێن)ێکی نوێ ئەیەنەوە بە کارەکە، باشتر بڵێین ئەو کۆنتێکستەی درووست ئەبێت هەڵگری کات و شوێنی خۆیەتی، هەڵگری ئۆرای خۆیەتی، وە دۆخێکی ئەزموونییە و هیچ کات ناتوانرێت بەرهەم بهێنرێتەوە. (Groys ٢٠١٣ .p ٣-٧) کەواتە کاری هونەریی

بـە پێـی کۆنتێکسـتی ئیڤێنتـەکان خـۆی بەگەڕئەخـات و ئێرە و ئێسـتای خـۆی دیـاری ئـەکات، بەمـەش هاوچەرخێتـی سـەردەمەکەی خـۆی دیـاری ئـەکات.

## دەرئەنجام

لـە دواجـاردا ئـەوە دەسـتکەوت کـە ئـۆرا کۆنسـێپتێکی هەمیشـەیی و جێگیـری نییـە، بـەردەوام لـە هەڵوەشـاندنەوە و درووسـتکردنەوەی خۆیدایـە لـە نـاو کۆنتێکسـت دا، باشـتر بلێیـن لـە نـاو (کات و شـوێن)دا، بـەڵام پێویسـتی بـە پرۆسـەی بەگەڕخسـتنە، واتـە گـەر ئـۆرا بوونێکـی ئەندێشـەیی هەبێـت، پێویسـتی بەوەیـە بەگەڕبخرێـت چ لەنـاو سیسـتمی ئەنەلـۆگ دا بێـت یاخـود دیجیتـاڵ دا.

ئـەم بەگەڕخسـتنە بـەو واتایـە دێـت کـە هـەر کارێـک، سـەر بـە هـەر سیسـتم و میدیایەکـی پێوەندییکـردن بێـت، ئـەو کاتـەی کـە بتوانـێ وەرگـر بخاتـەوە نـاو (ئێـرە و ئێسـتا)ی چەرخەکـەی خـۆی، لەوێـدا بـە واتـای هاوچەرخبوونـی دێـت، و هـەر ئێـرە و ئێسـتای کردەیەکـی هونەرییـە، کـە ئـەو هونـەرە ئەخاتـە نـاو قۆناغێـک، کـە هـەم بەرهـەم ناهێنرێتـەوە و هـەم بەراودکاریـی لـە ئـارادا نابێـت.

لەم توێژینەوەیـەدا، کات و شـوێن تەنیـا بوونێکـی ئەندێشـەیی یـان بوونێکـی بەگەڕخـراوی نیـە، بەڵکـو ئاوێتەیەکـە لـە هەردووکـی، واتـە نزیکخسـتنەوەی کات و شـوێنی نـاو (واقـع) لەگـەڵ ئـەو کات و شـوێنە گریمانەییـەی کـە لـە ڕێگـەی خەیاڵـەوە بـەدی ئەهێنیـن لـە پێشـانگایەکی هونەریـی دا، ئەمـەش بـە واتـای نزیکخسـتنەوەی مـەودای نێـوان هونـەر و ژیانـی کردارییـە.

تێگەیشـتنی ئـەوە درووسـتبوو، کـە دیجیتـاڵ لـە رووی سرووشـتی میدیاییـەوە پەیوەسـتە بـە کات و شـوێنی هەنووکەوە، کـە خـۆی تیـا دەرئەخـات و سێنسـی هاوچەرخێتییـمان بـۆ درووسـت ئـەکات، هەروەهـا ئەنەلۆگیـش گـەر وەک کۆنسـێپتی گشـتێتیی لـە کیورەیتینـگ دا و کۆنسـێپتی ئیڤێنـت لـە کات و شـوێن دا لێـی تـێ بگەیـن، ئـەوا روونـە کـە ئەتوانێـت ئێـرە و ئێسـتای چەرخەکەمـان بـەدی بهێنێـت.

# Analogue and Digital: In Between Fiction and Function


## Abstract

This research concentrates on both analogue and digital reproduction of images, and their relations in space and time in our world, and it also focuses on the roles of fictionalisation and functionalisation in both systems.

In this article, the question of auratic value within the analogue and digital artworks taken place in terms of their relations with (here and now), as a result the question of here and now in the work of art determines the contemporaneity of its era, therefore functionalising (here and now) considered as a main content of this inquiry.

Regarding to the research methodology, the research requires analysing both (analogue and digital) reproduction of art, in order to provide clear positions of both in art world. Furthermore, the differences and similarities between both systems theoretically set in comparison.

The research is concluded in a sense that functionalisation can activate the (here and now) of the artwork in analogue and digital world. It also indicates the fact that how functionalisation is able to participate in creating the concept of totality in curatorial project which puts the artworks into the state of irreproducibility.

**Keywords: mechanical reproduction, digital reproduction, functionalising fiction, aura, contemporaneity, aesthetic experience.**

## سەرچاوەکان

Jessica S. McDonald. (2015) 'Rethinking first photograph(er)s', Sheehan, T. and Zervigon, A. (ed). Photography and its origins, United Kingdom: Taylor & Francis. Pp. 1529-.

Lev Manovich, 'A Screen's Genealogy', The Language of New Media, London, The MIT Cambridge, Massachusetts, 2001. Page 99105-.

Walter Benjamin, "The Work of Art in the Age of Mechanical Reproduction", Illuminations, London: Fontana 1992. pp. 219224-.

Boris Groys, 'Modernity and Contemporaneity: Micanical vs. Digital Reproduction', In the Flow, London and Newyork, Verso 2016. Page 111 – 117

Boris Groys, 'Art on the Internet', In the Flow, London and Newyork, Verso 2016. Page 137 – 150

Oxford Advanced Learner's Dictionary of Current English. 8th edition. Oxford: Oxford University Press, 2010.

Noel Castree, 'De-naturalisation: bringing nature back in', Nature, United Kingdom, Routledge 2005. Page 108 – 177

Christina Lodder, Russian Constructivism, New Haven and London, Yale University Press, 1983. Page 15-

Hito Steyerl, In Defense of the Poor Image, (November 2009), e-flux Journal, VII, No. 10, pp. 19-.

Walsh, P. 2007, "Rise and Fall of the Post-Photographic Museum: Technology and the Transformation of Art" in The MIT Press.

Boris Groys, Curating in the Post-Internet Age, (October 2018), e-flux Journal, VII, No. 94, pp. 18-.

Wood, C. ed. (2012). A Bigger Splash: Painting After Performance. United Kingdom. Harry N. Abrams & Tate Gallery. pp. 13-

Simon Pierse, Australian Art and Artists in London, 19501965-: An Antipodean Summer, United

Kingdom: Taylor & Francis. 2017. Page 68 – 69

Boris Groys, Entering the Flow: Museum between Archive and Gesamtkunstwerk, (December 2013), e-flux Journal, VII, No. 50, pp. 113-.

Bob Martens, Earl Mark, Nancy Yen-wen Cheng, Thresholds between Analog and Digital Representations, (September 2006), In V. Bourdakis & D. Charitos (Eds.), Communicating Space(s), 24rd eCAADe Conference Proceedings, pp. 372–383.

Hilde Van Gelder, Helen Westgeest, Photography Theory in Historical Perspective, United Kingdom, Wiley, 2011. Page 86 – 90

Anne Rochette and Wade Saunders, Simon Starling: Making Connections, New York, ARTnews – Art in America, February 2010. page 108.

پەراوێز